# بەكارنەهێنانی هەردوو وشەی كورد و كوردستان لە لایەن "بریمەرەوە" چ واتای هەیە؟

**هشام ئاكرەیی**
karzan@spray.se

نەوەک نەتەوەپەرستێکی توندڕێ کە تەنیا حەزی لە بیستنی ناوی گەل و نیشتمانەکەیەتی، چاودێری پەیڤەبەکارهێنراوەکانی نەکوردزمانەکان بەرامبەر بە نەتەوەکەم دەکەم و گوێ لە قسەکانیان دەگرم و بە گوێرەی ئەو قسانە شین وشاد دەبم، بەڵام دەمەوێ هەر گەلێک و وڵاتێک و چێگایەک بە ناوی ڕاستەقینە و تەواوی خۆی ببرێت.

گومان لەوەدا نیە کە، وشەبەکارهێنراوەکانی هەر قسەکەرێک، تەعبیر لە شێوەی بیرکردنەوەی دەکەن. وتاری سیاسی هەر سیاسەتمەدارێک و کاربەدەستێکی حکومەتیش، دەقی ناوەڕۆکی بڕیاری سیاسی پەسەندکراوی حکومەتەکەی، پارتەکەی یان وڵاتەکەین. زمانی پەیام و وتارە ڕەسمیەکانیان نیشانەی بارودووخی باوەڕپێکراو ونۆرمەپەیادەکراوەکانیانن.

کاتێ دەوڵەتی تورکیا وشەی کوردستان وزمانی کوردی قەدەغە دەکات، تەنیا یەک واتای هەیە ئەویش باوەڕنەنوونی بە کورد وەک نەتەوە و کوردستانیش وەک خاک.

کاتێ هەر پارتێکی قەومی یان ئیسلامی یان چەپی عەرەبی، باشووری کوردستان بە باکووری عیراق ناو دەبەن، تەنیا یەک واتای هەیە ئەویش دانەنان بە مافی گەلی کوردستان و سووربوونە لە سەر ناسنامەی عەرەبی عێراق و ڕەدکردنەوەی فیدڕالی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی باشووری کوردستانە.

هەروەها کاتێ، هەر پارتێکی کوردی یان کوردستانی سڵ لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و ناوی باشووری کوردستان دەکات، دوو واتای هەیە ئەویش یان بەعەرەب بوونی پارتەکودیەکەیە یانیش ترسنووکی بەرامبەر بە دەسەڵاتداران وبەو شێوەیە ناتوانێت لە خزمەتی ئەو ئامانچانەدا کاربکات کە بۆی دامەزراوە.

لە وەتی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی عێراقیان ڕزگارو داگیریانکردوە و ڕژێمی سەددامیان ڕوخاندوە، خەریکە بەکارهێنانی وشەی کورد و کوردستانیش لە گەڵ سەددام بڕوخێ. بۆل بریمەر سەرۆکی دانراو و تەعیینکراوی ئەمریکا بۆ عێراقی دوای سەددام سوێندی خواردوە نە ناوی کورد یان هی کوردستان بێنێ. ئەگەر ئەم هەڵوێستەی" بریمەر" ئاوا بە ساویلکاتی بەسەر زۆر کەس دەرباز بێت، بەڵام ناتوانێ گەلی کورد هەڵبخەلەتێنێ.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا کە بە ڕێگای بریمەرەوە بەڕێوەی دەبات، وتاری ٩ ی ئەم مانگەی بریمەرە بە بۆنەی یانزدەهەمینساڵگەردی دامەزراندنی پەرلەمانی باشووری کوردستانە. لەم وتارەدا کە بەرپرسی ئاوەدانکردنەوەی باکووری عێراق لە جیاتی بریمەرەوە خوێندیەوە، بەهیچ شێوەیەک نە ناوەی کورد یان کوردستان یان ئەنچومەنی نیشتمانی کوردستانی هێنا. ئەمە یەکەمین جار نیە بریمەر ئەم هەڵوێستە دەنوێنێ. بەرلە ئێستاش بریمەر سەردانی خۆی بۆ باشووری کوردستان بەدواخست، چوونکە بڕیار بوو لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان وتارێک بخوێنتەوە. لە دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ بە سەر ئەوکاتەدا، بریمەر ڕۆیشتە کوردستان بەڵام سەردانی پەرلەمانی باشووری کوردستانی نەکرد و تەنیا لە گەڵ بەڕێزان بارزانی و تالەبانی دا جڤیا.

ئەگەر ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بەواتای دەسوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی عێراق بێ، ئەوە پێی دەڵێم زیاتر لەو دەسوەردانە نیە. بەڵام ئەکەر واتای باوەڕنەبوون بێ بە ماف و بوونی گەلی کورد و کوردستان ئەوە دەبێ لایەنی کوردی ئاگای لە خۆ بێت. چەک نەکردنی پێشمەرگەی کوردستان بەهێچ شێوەیەک واتای داننان نیە بە شەرعیەتی ئەو هێزە، بەلکوو ئەمریکا نایەوێ لەم بارودووخەدا بەرەیەکی تر لەعێراق بکاتەوەو تەرازوی هێز لە ناوچەکە تێک بدات و ئەرکێکی تریش بخاتە سەرشانی خۆی. ئەمریکا باش دەزانێت پەرلەمانی باشووری کوردستان باشترە لە هەر ئەنجوومەنێکی دروستکراوی ئەو لە ناوچەکانی تری عێراق، نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات لەو سێ



www.kurdistannet.org

پارێزگایه، هەر لەبەر ئەوەش مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان دەکات بەڵام بەبێ ئەوەی ناوی تەواوی ئەو هەرێم و ئەنجوومەنە بەکار بێنێ. ئەمریکا بەهەمان ئاستی پەرلەمانی باشووری کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەنجوومەنەکانی شاری موسل و کەرکوک دەکات. ئەو بودجەیەی بۆ پارێزکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک تەرخان دەکرێت هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق و لە بەغداوە دەست نیشان دەکرێت. کوردستانی فێدراڵ دەبێ بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت و راستەوخۆ لە لایەن حکومەتی باشووری کوردستانەوە دابەش بکرێت.
ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەرێوەدەڕوات ئاسانکاریەکە بۆ ئەمریکا و بریمەر نەک داننانە بە مافی گەلی کوردستان. ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ باکووری عێراق دەکات نەک باشووری کوردستان یان هەرێمی کوردستان.
ئەمریکا مامەڵە لە گەڵ عێراقی دەکات نەک کورد. زۆربەی پارتە عەرەبیەکان بە سەددامیشەوە ناوی کورد و کوردستان بەکاردێنن نەک باکووری عێراق. ئەگەر بەم پێوانە بێت ئوپوزسیونی عێراق مافپەروەرترە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بریمەر لە وتارەکەیدا باس لە دانانی دستوور دەکات بۆ عێراق و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتەیەکی ١٥٠ کەسی لە لایەن ئەمریکاوە دانراوە. ئەگەر ئەمریکا بەهەمان شێوە و هەڵوێستی ئێستای پەیرەو دەکات هەڵسووکەوت بکات ئەوە هەموو گەلانی عێراق دەبن بە عێراقی و باشووری کوردستانیش دەبێت بە باکووری عێراق.
ئەگەر پارتە کوردستانیەکان بۆیان هەبێت بە گوێرەی دەسەڵات و هێز هەڵوێست وەربگرن، بەڵام ئەمریکا بۆی نیە، چونکە ئەمریکا هەموو دەسەڵاتێکی بەدەستە لە سەر ئاستی جیهان و عێراق. کورد نابێ باوەڕ بەو بیانوویە بکەن، ئەوە ئەگەر خودی کوردەکان ئەو بیانۆیەیان بۆ ئەمریکا دروست نەکردبێ.
تەوەرێکی تری بابەتەکە، هەڵوێستی خودی پارتە کوردستانیەکانە بەرامبەر بە بەکارنەهێنانی وشەی کورد و کوردستان لە وتارە رەسمیەکاندا.
هاودەم لە گەڵ رۆخانی سەددامدا و لەکارکەوتنی کەناڵی ئاسمانی عێراق و رۆژنامەی السەورەی عێراق، کەناڵە ئاسمانیەکان و راگەیاندنی کوردی جێگای راگەیاندنی سەددامی گرتەوە و ناوی کوردستانیان سریەوە وکاتی بەرنامەی کوردیان کەمکردەوە و کەناڵەکانیان بوون بە کەناڵی عێراقی. لەکاتێکدا کەناڵەکوردیەکان ئامادەنین هەواڵی هەرێمی تری باشووری کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتیان نیە بڵابکەنەوە.
ئەو منداڵەی تاوەکوو دوێنی پێی دەوترا تۆ کوردی، ئەمرۆ پێی دەڵێن تۆ عێراقی. ئەو منداڵەی تاوەکوو بەر لە رۆخانی سەددام پێی وابوو لەمەودوا بەئازادی دەتوانێت بڵێت من خەڵکی کوردستانم، ئێستا سەری سوڕماوە و نازانێت خەڵکی عێراقە یان کوردستان.
من کە بە پیشە لە گەڵ منداڵان و گەنجان کاردەکەم، گەنجێکی کورد پرسیاری کردم: کاک هیشام ئەوە بۆ کەناڵە کوردیەکان لە دوای رۆخانی سەددام هەر بە عەرەبی دەدوێن لە کاتێکدا هیچ کەناڵێکی تر بە زمانی ئێمە بەرنامە بڵاو ناکەنەوە؟ منیش هەمان پرسیار ئاراستەی کەناڵە ئاسمانیەکوردیەکان و پارتە کوردستانیەکان دەکەم.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.